
چیرۆک






# ژنێکی چەفیە تەنک

کەریم کاکە

"بە دەستی خۆم بلیتی قیامەتم بڕی"

هێندە لە تاران نامێنمەوە بۆیە وا چاکە هەموو کاتم ببەخشمە گەڕان و هیچ بۆ خەو بۆ پشوو نەهێڵمەوە، گەڕیدەیەک بیەوێ لە چەند رۆژێک کەمێکی کەم تاران ببینێ، دەبێ ماندوو نەبوون لە با وەرگرێ و لە دۆم گەڕۆکتر بێ، من ئەو رۆژانە دۆمێک بووم دەستی بام لە دەستا، گەڕان کەمێک بیری مردنیش لەسەر دەردەکات، دەمەو نیوەڕۆیە لە شەقامێک پیاسە دەکەم ماڵی ئەوەیە هەموو رۆژێ ئەو دەمانە پیاسەی لێ بکەیت، شەقامی پێڵاو فرۆشییە، پتریش پێڵاوی ژنانە، هەر بۆیەش ژن بە سەر شەقامی پێڵاویدا باریوە، لە دیدی منەوە رازاوەترین فرۆشگا ئەو فرۆشگایەیە کە لە وانی تر پتر ژنی لێ باریوە، ژنی گرتووە، هەندێ جار وا




هەست دەکەم فرۆشگا درەختی بەردارە و ژنانی بەردەمی میوەن، فرۆشگا چەندێ پتر ژنی لێ بباریێ چەندی پتر ژن بگرێ، هێندە جوانتر و رازاوەترە، بە تایبەتیش ژنی تارانی چۆن بە چاوە ئەفسوونییەکانیان پیاو شێت و سەرگەردان دەکەن، بە تایبەتیش پیاوێکی وەک من کە لە سەر ترازانم، زۆری نەماوە بە دیوی سەرگەردانیدا لار ببمەوە..

لە شەقامی ژنانی و پێڵاو ژنانی نەرم نەرم، بەسەر کاشییە لێرە و لەوێ شکاو و درزبردووەکان ئەو کاشییانەی هەندێ جار چاویان بە هەڵە دەبرد و خۆیان لە شێوەی ڕێزە ددان نیشان دەدا کە لێرە و لەوێ لێیان کەوتبێ، پیاسەی گەنجانەم دەکرد و بە دڵی خۆم لە ژنانم دەڕوانی ژنانی جوانی تارانی، بڕۆ بڕۆ، بڕوانە بڕوانە، زۆر رۆیشتم و روانیم شەقام بنی نەهات و نەهات، لە پێش ژنان لە دوای ژنان شان بە شانی ژنان دەڕۆم، ئەو شەقامە پیاوی کەم بوو، با کەمتریش بێ! ژنێک لە پێشمەوە دەڕۆیشت، رۆیشتن چ رۆیشتن! دەبێ هەرچی ژنی دنیا هەیە بێن لەو ژنەوە خۆ فێرە رۆیشتن بکەن، چ لەنجە و لارێکی دەکرد خوایە! ماینی کەحێل دیتبای لاسایی دەکردەوە، چ لەشولارێکی هەبوو خوایە لە ناو ئەو جلکە ئاودامەنییە دەتگوت ئاوە بە نازەوە بە نەرمی شەپۆلی جوانیی دەدا، چ بەژنێکی زراڤی کەڵەگەت لە پێشمەوە دەڕۆیشت خوایە، هەبێ نەبێ خواوەندی جوانی ئەو ژنەی تایبەت زۆر تایبەت بۆ کەسێکی زۆر نزیک لە خۆی هێناوەتە دنیا..

چەندی کردم نەمتوانی چاوی لەسەر هەڵگرم، چەندی کردم نەمتوانی لە دووی ببمەوە، نەشمتوانی کەمێک پێش بکەوم و رووی ببینم، رەنگە ترسابم ئەگەر پێش بکەوم ئەو جوانییەی کە لە دواوە مەستی کردووم لە دەستم بچێ، ئەو ژنە بە جڵەوکردن جڵەوی کردووم و بە دووی خۆیدا رام دەکێشێ، ئەویش نیوە ئاوڕێکی نەدایەوە، لای نەدایە فرۆشگایەک، روویم نەدیت و نەدیت، نەرم دەڕۆیشت و نەیدەگەیشتمێ، من نەمدەویست بیگەمێ! یان ئەو نەیدەهێشت بیگەمێ! من لە دەست خۆم نەمابووم، ژنێک لە شەقامێکی تاراندا بە راکێشان رام دەکێشێ و نازانم دەمگەیەنێتە کوێ گۆرانییەکم بیر کەوتەوە، حەزم لێ بوو بیلێمەوە، گوتمەوە:

سەوزە مەڕۆ سەوزەلێ باریکێ وا هاتم
رووتم نەدیوە سەوزە عەشقی بالاتم



ژنـــه دەڕوا و مـــن بـــه دوویـــــەوه، بـــۆ چـــاو تروکانێکیش چاوم له سەری هەڵنەدەگرت، لەو ساتانه که وادەی چاوتـرووکـــان دەهات مـن هـەردوو چاوم پـێـکـەوه نەدەتـرووکـانـد، چاوەکـانـم فێرکردبوو به نۆره ترووکان بکەن، نـەبـادا ژنـه بزربێ... ئۆی، باش نـەبـوو پرچی به دەرەوه نـــەبـــوو، دەبـــێ چ پرچێکی هەبێ خوایه، ئەگەر بەو بـەژنـه زراڤـــــەدا پرچ بێتەوه خوارەوه، چ دەقەومێ! ئای لەو "شارئاشوبه" چی له من کـــرد، هەر مـن، دڵنیـــام شـارێک پیـاوی وەک منی به شـەقامی نادیاری خستووه، بەڵام من وا ئاگـام له خـۆم نیـیـه چ ئاگـام لـەوان بێ، له شــــارێک پیـــاو بێ، کــــه سـەرگـەردان سـەرگـەردان..

باش بوو پرچی به دەرەوه نەبوو، دەنا دوور نەبوو خراپتر زۆر خـراپتـر بقـەومێ، لـەوەش خـراپتـر! بۆ من دەزانم چیم لێ قەوماوه، سـەرگەردانیم گەیشتووەته کوێ، نا، باش بوو پرچی به دەرەوه نەبوو، لەبەر خۆمەوه دەمگوت:

کۆماری ئیسلامی له بەلاش پرچی نەشاردووەتەوه..


بەڵام پێکەنینیشم بەو قسەیەی خـۆم هات، ترسـام پێکەنین ژنەکـــەم لێ بزر بکات، دەنا پـێ دەکـــەنیم، من دەبوو به بێ هەست و خـوست بـه دوایدا بڕۆم، وام هـەست دەکـرد ئەگـەر قسـەیەک بکەم، پێ بکەنم، بزری دەکەم، به بێدەنگی به دوویدا دەڕۆم، هێـشـتـا روویم نەدیوه، هـەر دەڕۆین و شـەقـام بنی نەهات، حەزم لێیه بنی نەیه، خوایه ئەو شەقامـه درێژ بکەوه، تا له توانات هەیه درێژی بکەوه، له دڵی خۆم گوتم:

ژنێ لـه ئاســمــانـەوه هاتوو، بۆ کـوێ دەڕۆی بڕۆ، هـەر له دواتم..

دیتم شـۆڕ بووەوه، به شـۆڕبوونەوه شـۆڕ بـووەوه، ئای ئەو لێـژاییـیـه له کوێ پەیدا بوو! ئای ئەوه دەچێـتـه بن عـەرد! ڕاڕەوێکی گـەوره بوو، سـەرم هەڵبڕی له تابلۆیەکی گـەوره به خـــەتێکی ناسک نووســـرابـوو" دەروازەی دەوڵەت"، دەروازەی دەوڵـەت، دەروازەی دەوڵەت دەبـێـت چـی بێـت، بـه دەنـگێـک پێدەچوو ژنه شارئاشوبەکه گوێی لێ بووبێ گوتم:

دەبوو بنووسرێ دەروازەی عەشق

ئا، رەنگه گـوێی لێ بووبێ، چونکه لەگـەڵ قـسـەکـەی من هەڵوەستەیەکی کرد، ویستی ئاوڕ بداتەوه، پەشیمان بووەوه، نازانم چی له ئاوڕدانەوه پەشیمانی کردەوه، خۆزگه پەشیمان نەدەبـووەوه و ئـاوڕێکـی لێم دەدایـەوه، نـا، باش بـوو ئاوڕی




نەدایەوە، من زۆر جار لە ئاوڕدانەوی ژن ترساوم، لە ئاوڕدانەوەی ژنی جوان ترساوم، ئاخر هەندێ جار جوانی نەبینی باشە، جوانی سووتێنەرە و بە داخ داخت دەکات، ترسام رووی ئەو ژنەش بمسووتێنێ..

شار ئاشوب شۆڕ بووەوە منیش لە دووی، زۆر شۆڕبووینەوە، بۆ بن عەرد شۆڕبووینەوە، رووناک بوو، چراخان بوو، لە دەروازەی بن عەرد تەنیا ژن و پیاوێک دیارن، ژنە لە پێشەوە و پیاوە بە دواوەی، پیاوە شێتانە بە دوای ژنەکە کەوتووە، ژنەکە رەنگە نەزانێ پیاوێکی شێتی بە دواوەیە، بە راستی من شێت نیم وا بە دوای ئەو ژنە کەوتووم؟ باشە کێ ناڵێ خەون نییە! چاوی خۆم هەڵگلۆفت، دەڵێی خەون نییە.. پێچێک هاتە پێشێ شار ئاشوب سووڕاوە، بزر بوو، من لە جێگەی خۆم چەقیم، دەتگوت جڵەوەکە پسا، هەندێک ترسام، لە دڵی خۆم گوتم:

کێ دەڵێ ئەوە ژن بوو! تارمایی نەبێ..

دوای کەمێک دامان، گەیشتمە ئەوەی نە خەونە، نەشێتبوونە، نە ژنەش تارماییە، دەبێت هەر بە دوایدا بڕۆم هەتا رووی دەبینم و دەسووتێم هەر بڕۆم، خێرا خۆم گەیاندە ئەو پێچەی شار ئاشوب لێیەوە بزر بوو، ترسام لێم بزربێ، ئاخر تەواوێک گیربووم، کاتێ سووڕامەوە، ژنەکە هێندە لێم دوور نەبوو، زۆر لەوە نزیکتر بوو کە من دام نابوو، دەبوو دوورتر رۆیشتبا، هەبێ نەبێ لە چاوەڕوانیی من خۆی گیرکردووە، رەنگە ئەویش هەستی کردبێ پیاوێک بە دواوەیەتی و چێژ بەخشیش بێ، ئاخر من بیستوومە ژن هەیە چێژ لەوە وەردەگرێت کە پیاوێک بە بێدەنگی بە دوای کەوێ، چێژ لەوە وەردەگرێت کە بزانێت پیاوێک لە دواوە لە لەش و لاری لەنجە و رۆینی وردبووەتەوە، هەبێ نەبێ چاوەڕێی منی کردووە، دەبێ خۆمی بگەیەنمێ و بزری نەکەم، لێی نزیک کەوتمەوە، هێشتا روویم نەدیوە، ئەگەر مەبەستم با دەمتوانی رووی ببینم، نەمدیت، نازانم نە لە شەرمان بوو نە لە ترسان هەوڵی دیتنی روویم نەدا، ئێستا هەر چەند هەنگاوێ لێی دوورم، ئێرە چۆڵ نییە، خەڵک هەنە، لە شۆڕبوونەوەدان، لێرەوە بە ریز دەرگەی گچکە گچکە هاتنە رێ، دەرگەکان هەر لەو دەرگەیانە دەچن کە لە تانۆک دەکرێنەوە، دەرگەی تانۆکی بوون، بەڵام لە ئاسن نەک دار، ژنە رووە و یەکێک لە دەرگەکان چوو، من لە دووی نابمەوە،



ئێستا زۆر لێی نزیکم، ئەگەر کەمێک بە توندی هەناسە بدەم، چەفیە تەنکەکەی بە بای هەناسە دەلەرێنمەوە، هێشتا روویم نەدیوە، لە دەرگە نەوییە تانۆکییەکە ئاودیو بوو، هێشتا دەستی هەر بە سەر دەرگەکەوە بوو، منیش پێی ئاودیو بوونم بڵند کرد، بەڵام دەرگە دەستی بە روومەوە نا، توند زۆر توند بە روومدا داخرا، وەک ئەوە وابوو کچە بە توفێکەوە ئاورم لێ بداتەوە، ئای ئەو دەرگەیە بۆ داخرا، ئەو جارەش چاوم هەڵگلۆفت و گوتم:

رەنگە خەونێکی ناسکم دیتبێت..

خەون بوو! نا خەون نییە، ئەگەر ئەو پۆلیسەم نەدیتبا کە لەودیو دەرگەوە تەماشای دەکردم، دوور نەبوو بە سەر دەرگەکە پازدەم، پازدان ئاسان بوو، ژنی چەفیە تەنک بە بەرچاومەوە بن عەرد و بن عەرد شۆڕبووەوە، چاوم بە چوار دەوری خۆمدا گێڕا، دیتم لەو لاوە لەو لایەی پێچی دەکردەوە لە سەر پەنجەرەیەکی کراوە، شتێکی نزیک لەوە نووسرا بوو" لێرە بلێت ببڕە" هەر بە غاردان غارم دا و بلیتم هێنا، خستمە کونی دەرگەوە، ئەو جارە دەرگەی دڵرەق دڵی نەرمبوو، خۆی بۆم خستە سەر گازەرای پشت، لەبەر خۆمەوە گوتم:


کاخەزی پارە دەرگەی ئاسنینیش نەرم دەکات..

شۆڕبوومەوە، بە دوای ژنی لە چاو دیار نەما بۆ بن عەرد شۆڕبوومەوە، ئێرە لە سەر عەردەوە زۆر دوورە، کێ لە بیریەتی من لە کەیەوە لە شۆڕبوونەوەدام، ئەگەر لە ئاسمانیشەوە هێندە رێی شۆڕبوونەوە ببڕی دەگەیتە زەوی..

ئێرە بن عەردە، چ حەشاماتێکە، دەڵێی رۆژی حەشرە، تاران هەمووی لێرەیە، من بە دوای ژنە چەفیە تەنکەکە، ژنە شار ئاشوبەکە دەگەڕێم، چۆن بیناسمەوە، ئای چ گێل بووم ئەو دەمەی دەرفەت رەخسا رووی ببینم، لە دەستم دا، چەفیەکەی نیشانەیەکی باشە رەنگە بیناسمەوە، بە چەفیە دەیناسمەوە، ژنێک بە سەری لە من دیار بوو تا بڵێی جوانیش بوو، چەفیەکەی لە هی وی دەچوو، خەریک بوو بڵێم:

ئۆخەیش دیتمەوە، چەند جوانیشە..

باش بوو، ئۆخەیم هەڵنەکێشا، ژنێکی تر چەفیەکی وەک وی لە سەر بوو، ژنێکی تریش، سێ چوار ژنی چەفیە تەنکی وەک ویم دیت، ئای ژنە چەفیە تەنکەکە بە چەفیە ناناسرێیتەوە، هەر دەبێ بە راوەستانەوە و لە دواوە بتناسمەوە، دەبێت بە



دوای ژنە باڵا بەرزەکاندا بگەڕێم، ئەو ژنانەی هەتا دەست هەڵدەبڕی بەژن بڵند، ئەو ژنانەی هەتا باوەش وێک دێنیەوە کەمەر باریک، چەند ژنێکی بەژن بڵندی کەمەر باریکی چەفیە تەنکم دیت، بەڵام بە چ بزانم هەوە یان نا، هەتا لە ڕۆیشتنێ نەیانبینم ناناسمەوە، ئەوەتا ئێستا من لە دواوە لە ڕۆشتنی ژنان ورد دەبمەوە، هەر دەبێت لە دواوە بێت، لە پێشمەوە ئەو ژنەی من لە دوای دەگەڕێم نایناسمەوە، تەنیا بە لەنجەولاری دەیناسمەوە، لەنجەولاری ئەو ژنە چەفیە تەنکە لە کەس ناچێ لە خۆی نەبێ، بەس بیبینمەوە دەبێ بە قەد دنیایەک چاو لە چاوی ببڕم، بە شێوەیەکی وا رووی لە


چاوم کۆپی بکەم قەت نەسڕێتەوە، ژنە تارانییە شار ئاشوبە چەفیە تەنکەکە تۆ لە کوێ خۆت شاردووەتەوە من جگە لە تۆ..

باشە ئێرە کوێیە، زۆر لە قیامەت دەچێ، من قیامەتم نەدیوە بەڵام زۆر باسی قیامەتم بیستووە، بیستوومە لە قیامەت کەس بە کەس نییە، ئێرەش ئەوهایە هەر یەکە و بە لایەکدا دەڕوا، ئەو خەڵکە دەڵێی لە خۆڕایە دەخولێنەوە، راکەڕاکیانە، هەڵات هەڵاتێکە پەیامبەر ئۆمەتی خۆی ناناسێتەوە، ئەو حەشاماتە لە کوێوە هاتن، تاران بە زیندووەکان و مردووەکانیەوە هەمووی لێرەن، بە راست تارانییە زیندووەکان لێرەن! نازانم، من لێرەم، ئەو ژنەی منیشی هێنایە ئێرە لێرەیە، باشە کێ دەڵێ ئەو ژنە لە خۆمانچێتران نەبوو، منی پەلکێشی ئێرە کرد، با دەست بۆ دۆخینەکەم ببەم، دەی قایشی پانتۆریش لە جێی دۆخینی شەرواڵە، ئەگەر جندۆکە منی هێنابێتە ئێرە دەست بۆ دۆخین بردن شانۆگەریی جندۆکە بەتاڵ دەکاتەوە، نەنکم وای دەگوت، دەیگوت:

کوڕم ئەگەر تووشتان بە تووشی جندۆکەوە بوو، دەست بۆ دۆخینتان ببەن، ڕێسەکەی لێ دەبێتەوە خوری..

نا، من نامەوێ دەست بۆ قایشی پانتۆرەکەم ببەم، نامەوێ ئەو ژنە بەژن زراڤە ئەو ژنە لەنجەولار جوانە ڕێسەکەی لێ ببێتەوە خوری، نا، دەست بۆ قایشی پانتۆڕەکەم نابەم..

وا بڕوا شێت دەبم، چەندی تەماشا دەکەم ئێرە لە قیامەت دەچێ، هەر بە راستی زۆر لە قیامەت دەچێ، باشە من بۆچی بە دوای ئەو ژنە کەوتم، بۆچی بە دەستی خۆم بلیتی قیامەتم بڕی! بلیتی بنەوەی دنیام بڕی، ئێرە زۆر لە بنەوەی دنیا دەچێ، لە ڕۆژی هەستانەوە دەچێ، بەڵام بیستوومە قیامەت تاریکەسەڵاتە، زڕباوکی دایکم کە دەشێ بە زڕ باپیرە ناوی



بێنم وای دەگوت، دەیگوت:

قیامەت تاریکەسەلاتە، چاو چاو نابینێ، بەلام ئەوەی بەهەشتی بێ، عەنەتریکێکی گەشی بە دەستەوەیە..

زڕباپیرم دەیگوت:

من لێرەوە لە هەرمۆتەوە عەنەتریکەکەم بە دەست هێناوە، خەمی تاریکیی قیامەتم نەماوە..

ئەوانەی سەربردەی عەنەتریکەکەیان نەدەزانی، لێیان دەپرسی، ئەو عەنەتریکەت چۆن پەیداکرد؟

زڕ باپیرم زۆر بە شێنەیی و دڵنیاییەوە دەیگوت:

بۆ ئێوە نازانن، من ژنێکی هەرمۆتەییم، ژنێکی فەلەم کردە موسڵمان و ئەو کورە نوێژکەر و راستگۆیانەم گچکەکەیان نەبێ هەموویان لەو ژنەن..


سەیرە ئەو قیامەتە تارانییە رووناکە، تۆ بڵێی منیش عەنەتریکێکی وەک ئەوەی هی زڕ باپیرم لە دەست بێ، بۆیە قیامەت وا رووناکە، بەلام کوا خۆ من چ ژنێکی هەرمۆتەییم نەکردووەتە موسڵمان، من ژنەکەم بە منداڵێکەوە لە مێوانخانەیەک بەجێ هێشتووە، گوتم:

دەچم پیاسەیەک دەکەم، کەمم پێدەچێ..

هەڵەم کرد ئەو بلیتەم بڕی، باشترە بە رێی خۆمدا بگەڕێمەوە و بچمەوە سەر زەوی، ئەوجا رێگەی چوونەوە سەر زەوی پێ دەزانمەوە! وا بزانم بڕیارێکی وام دا:

نا تا رووی ئەو ژنە نەبینم ناچمەوە سەر زەوی، دەبێت بیبینمەوە..

شێتایەتییە ها! من بۆ وا دەکەم! لە بیست و یەک ساڵ لەوەوبەر شێتتر، ئەو دەمەی لە نزیک گۆڕی عوزێر پێغەمبەر ژنێک بە هەڵە رەنگە بە هەڵە بووبێ چاوێکی لێ داگرتم رۆیشت، کەوتمە دوای، گەیشتە چاکی بن عەردی منیش گەیشتم، چووە بن عەرد، چاوەڕێیم کرد، بە دڵخۆشی سەرکەوتەوە پێدەچوو بەردی مرازی پێوە نووسابێ، سواری پاس بوو، سوار بووم، هاتە خوارێ، هاتمە خوارێ، رۆیشت کەوتمە دوای، چووە گەراجێگی گەورە لە دووی بووم، سواری پاسێکی گچکە بوو، وا رێککەوت لە پشتی دانیشم، بڕۆ، تێکەڵی پرچە خاوەکەی بووم، لایەکی رووشی جوان لێم دیار بوو، یەک دوو جاریش سووکە ئاوڕێکی دایەوە، دەمویست قسەی لەگەڵ بکەم، زمانم بەسترا، بڕۆ، هەر بڕۆ کاتێکم زانی وا لە پردەکەی سەر زێی گەورەین، لە دڵی خۆم گوتم:



تا سەر پردی سیراتیش لەگەڵتم..

برۆ، برۆ، زۆر کەرەت دەمویست دەستێک لە قژە خاوەکەی بدەم کە دابوویە با، ئەو بایەی لە جامە کراوەکەوە تایبەت بۆ پرچی ئەو هەڵی کردبوو، گەیشتینە شار، دابەزی، دابەزیم، رۆیشت، مندالانە کەوتمە دوای، لە ناو ئاپۆرەی خەڵک بزرم کرد، چ دووبارەبوونەوەیەکی خەفەتاوییە! رێک لە نزیک نەبی یونس ژنەکەم بزر کرد، زۆر لە دووی گەرام نەمدیتەوە، بە دڵشکاوی موسڵم بەجێ هێشت و گەرامەوە هەولێر....

ئێستاش هەر وەک بیست و یەک ساڵ لەمەوپێشە، هەر شێتەکەی جارانم، باشترە

چەندی زووە بچمەوە سەر زەوی، نا، با هەندێک بگەرێم بەڵکو بیبینمەوە، دڵم دەڵێ دەیبینمەوە..لە خۆم دەپرسی:


باشە ئەوە دیتمەوە، خۆ بایی چاوداگرتنێکیش، بایی سووکە نیگایەکیش هیچم لەگەڵی نییە، بۆ بیبینمەوە؟

وەها وەڵامی خۆمم دەدایەوە:

ئەو ژنەی لە دواوە، بە بەژنی زراڤ و لەنجە و رۆینییەوە منی هێنایە بن عەردی ئەگەر رووی نەبینم دڵم داناکەوێت، بە جارێک رووی ببینم بەسمە..

تارانی بن عەرد وەک تارانی سەر عەرد نییە، ئاپۆرەیەکە، تێکهەڵقژانێکە کەس رۆینی کەس نابینێ، کێ بە لەنجەولاری دەناسرێتەوە! ژنێکی چەفیە تەنک کەمێک لە پێش منەوە هەر سەری دیار بوو، بە ژنە چەفیە تەنکەکە دەچوو، دیتم سوار بوو، هەر چۆنێک بوو خۆم گەیاندێ و منیش سوار بووم، لە ژوورێ یەک قەرەپەستانێ بوو، چێژبەخش بوو، ژن و پیاو بەریەک دەکەوتن، هەوڵم دا لە ژنەکە نزیک ببمەوە، رووی ببینم، نەیدەگەیشتمێ، دوای راوەستانێک و چوونە خوارەوە هەندێک و سەرکەوتنەوەی دوو هێندەیتر، خواوەندی بەیەکگەیشتن باشی هێنا، رێک کەوتمە پێش ژنەکە، رۆژ بوو هەڵات، رۆژ لە بن عەرد هەڵات، وەی خواوەندی جوانی ئەو جوانەت چۆن هێناوەتە دنیا و بۆ کێ، چاوم لە بەر تیشکی چاوەکانی هەڵنەدەهات، چاو چ چاو دەتگوت بن پیاڵەن، روومەتەکانی رێک رەنگی پرتەقاڵ بوون پرتەقاڵ بەلای سووریدا، نەمدەوێرا جوان تەماشای بکەم، هەستم بە سووتان دەکرد، لە دڵی خۆم گوتم:

دەبێت پیاوێک هەبێ زاخی ئەوە بکات لەگەڵ ئەو ژنە



بخەوێ!

زۆر نەمابوو، ژنە شار ئاشوبە چەفیە تەنکەکە لە بیر بکەم، ئەو ژنەی منی گەیاندە ئێرە، ئەو ژنەی دوور نییە هەر ئەو ژنە بێت کە ڕێک ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستاوین و بۆنی هەناسەی دەکەم و چاوم هەڵنایە جوان تەماشای بکەم، دەمگوت:

خۆزگە کەمێک دوورتر با، تا بمتوانیایە تەماشای بکەم..

قەرەپەستانێ بوو، نەدەکرا کەمێک لێی دوور کەومەوە، ئا خەریک بوو گومانم لا پەیدابوو، هەوە هەو نییە، لە بالآبەرزی ناو قەد باریکی هەوە، لە چەفیە تەنکی ڕەنگی جلکی هەوە، لە جوانیش هەر دەبێ هەو بێ، ئەو لەنجەولارەی من دیتم، هەر لەو چاوە گەشە سێگۆشەییانە دێ لەو ژنە دێ کە برژانگ و برۆکانی ڕێک دەڵێی ئەو شیر و تیرانەن کە لە شیعری کلاسیکی کوردی فارسیدا هەن و لەو بن عەردە وا دەچەقێنە دڵی منەوە، لێوەکانی کە جاروبار بە ددانە برنجییەکانی نەرم نەرم دەیانکرۆژێ، بە کرۆشتن گیانم دەکرۆژن، لە بەر خۆمەوە کەوتمە دوعا خوێندن:


خوایە بەرگە ناگرم، بەرگەی جوانیی ئەو ژنە ناگرم، چا نەبوو ژنێکی وام نەبوو، لەمێژبوو سووتابووم، خوایە جوانیی ژن بەلآیە بەلآ، بمپارێزە لە جوانیی ئەو ژنە..

لە پڕ هێور بوومەوە، ژنە چەفیە تەنکەکەم بیرکەوتەوە، پرسیاریم لە خۆم کرد:

دەبێت چاوەڕوان بکەم، لەنجەولاری ببینم، کێ دەڵێ ئەو ژنەیە کە من لە دوای دەگەڕێم، کە من بەڵێنم بە خۆم داوە ببینمەوە، یەک دوو جار هاتە سەرم قسەیەکی لەگەڵ بکەم، زمانم بەسترا، بە زمان بە ستراوی بە خۆمم گوت:

بەس زمانم ببێتەوە لێی دەپرسم، ئەرێ خانمی تارانی تۆ بوویت بە شەقامی پێلآواندا هاتی و منیشت..

دەتگوت دەیزانی خەریکە زمانم دەبێتەوە و پرسیاری لێ دەکەم، لە ڕاوەستانێک دابەزی، منیش لە دووی، بەلآم لەبەر نزیکی ڕۆیشتنیم نەدیت، نەمناسییەوە، خوارەوە لە ناوەوە پڕ خەڵکتر، خەڵکی بن عەرد نایەڵن من بۆ تاوێک لە دواوە ڕۆیشتنی ئەو ژنە ببینم و بزانم ئەو ژنەی منی وا وێل و سەرگەردان کردووە، ئەوەیە یان، نا، دەمویست کەمێک هێواش بکەمەوە و ئەو کەمێک دوورکەوێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆشتنی ببینم، نێوان من و ئەو پڕ دەبوو لە ژن و پیاو، ئەو ژن



و پیـــــــاوانـەی بـێ ئـەوەی مـەبـەسـتـیـان دوژمـنـایەتی من بێ، پیسترین دوژمنایەتییان کـردم، زوو خۆم دەگـەیاندەوە ژنە و دەترســام بزری بکەم، لـە وێســــــتگـەیـەکی تر لـە چاوەڕوانـی راوەســـــتــــا، راوەستام، هات و سوار بوو، لە سـواربـووندا رۆیشتن دیار نـاکـــــەوێت، ســـــواربووم، ئەوجـارە نزیک دەرگا جـێی دانیـشـتنی بەرکـەوت، منیش ئەگـەر خێـرا هـەڵکشابام لەو ســــەرەوە کـــــورسـی بـەتـاڵ هـەبوو، بەڵام خـۆ شـێت نیم بچم دانیـشـم، من پاسـەوانم پاسـەوانی ژنێک نازانم هـەوە یان نا، لە خۆم دەپرسی:


ئـێ بــا هـــەویـش بــێ، پاسـەوانی بۆچـی! وەڵامـێکم نەبوو، راسـتی پێـویسـتم بە وەڵامی پرسـیـاری وا نـەبوو، من لە سـەرم بوو، نازانم بۆچی لە سەرم بوو کە پێ بکەوم ئەو ژنە ئەو ژنەیە کە لە شەقامی پێڵاوانەوە تا ئێرەی هێناوم!

نزیک لەو لـە پشـتـیـیـەوە راوەسـتـام، جار جـار لە کـەلێنی پیـاوانەوە، لـە کـەلێنی ژنـانەوە لایەکی روویم دەدیت، مـــانگ نیوەی بە دەرەوە بوو..

زانـیـم نیــــازی دابـەزینـی هـەیـە پێش وی خـــــۆم هەڵدایە خوارەوە، دوعام کرد خوارەوە چۆل بێ، چۆڵ نەبوو، دیارە بن عەرد وەک سـەر عەرد نییە، لە بنی چۆل نابێ، دابەزی توانیم لە کـەلێنی مـرۆڤـەکـانـەوە تەمـاشـایـەکی رووی بکەم، لەو تەماشاکردنەوە نازانم نە کەمێک فێنک بوومەوە نە بە تەواوی ئاگرم گرت.. ئێستا روو مەبەست نییە، دواوە، دواوە، لە دواوە تەماشـاکردن، هـەرچۆنێک بێت دەبێت لە دواوە رۆیشتنی ئەو ژنە ببـینم بزانم هەوە یان نا، پاڕامـــەوە لە خـــواوەندی بن عـەردی پاڕامـەوە کە هیمـەتێ بکا و بە خێرا خۆی پەرتە بە خەڵکی بن عەرد بکات..

رۆیشت، کەوتمە دوای، ژنەکان، پیاوەکان خـوای بن عـەرد بیـانگرێ، دوایـان برێ لە نێوان من و ئەو کەلێنێک ناکەنەوە، تا لـەنجـەولاری ببـینم و بیناســـمـــەوە، لە وێستگەیەکی تر وەسـتـاو سـواربووەوە، بچـێتە ئاسمـانیش لە دووی نابمەوە، جـێی دانـیـشـتن نـیـیـە، کـەمـێک لێم دوورە چەندی تەکانم دا شـــەپۆلی ژن و پیـــاوانی بە پێـــوە وەســـتـــاو رێگربـوون، نەیگـەیشـتـمێ، بـەڵام باشـە ناوە ناوە لـە کـەلێنانـەوە چەفـیـە تەنکەکەی دەبینم.. لە خۆم پرسی:

باشـە ئەو ژنە دەبێت بۆ کوێ بچێ! باشـە بن عـەردی تاران هێندە گەورەیە، نەگەیشتینە هیچ کوێ! باشە من دەبێت شێت نەبووبم بە دوای ژنێک کـەوتووم، ژنێک یان پـتـر! خـــواوەند



ئەگەر دەزانی تێکچووم و هۆشم لە دەست داوە، بۆم بگێڕەوە، ژنەکەم، منداڵەکەم لە مێوانخانەیەکی سەر عەرد چاوەڕێمن.. ئێستا زۆر تینووی ئەو ژنەم، نازانم بۆ رووی لە لای من نییە، بەس رووی وەرگێڕێ دەبێت هێند تەماشای کەم هێند تەماشای بکەم تا هەموو جوانییەکەی بڕژێنمە چاومەوە، خۆم سەرڕێژ بکەم لە جوانیی ئەو، لە دەستم چوو ئەو دەمەی نێوانمان هەر بستێک دەبوو، گوێم لە دەنگی هەناسەی دەبوو، چاوم لە چاوی نەبڕی و تێر لە جوانییەکەیم نەخواردەوە، راوەستە با دابەزین، دەبێ بایی تەمەنێک تەماشای بکەم..

دیسان دابەزین، ئەوجارەش لە پێش وی دابەزیم، بن عەرد لە خەڵک تەنک بووبوو، تیژ تێپەڕی، کەوتمە دوای، هەڵکشا، سەرەو سەر عەرد هەڵکشا، زۆر تیژ هەڵدەکشا پێم هەڵێنا چەندی دەمکرد نەیدەگەیشتمێ، هەردەبێ بیگەمێ، خەیاڵم هەر لای چاوە سێگۆشەییەکانی بوون، ئای ئەوجارەش رووی ئەو ژنە تارانییە بن عەردییەم دیتبا، چم نەدەویست، وا خەریکە دەگەینەوە سەر عەرد، هەر نەیگەیشتمێ و روویم نەدی..

ئێستا لە سەر عەردین، زۆری نەماوە بیگەمێ، زۆری نەماوە ئەو روخسارەی لە بن عەرد دیتم لەسەر عەردیش بیبینمەوە، تامەزرۆم بەراوردێکی نێوان روخساری سەر عەردی و روخساری بن عەردی بکەم، ئەها..! ئەو تاکسییە، بۆ وی رای گرت! سوار بوو، هێشتا پێیەکی لە عەرد بوو، بە بیرم هاتەوە، لەنجەولاری چەفییە تەنکم بە بیرهاتەوە، بیرچوونەوەم بەبیرهاتەوە، خۆ ماوەیەکی پێش لە پێش منەوە رۆیشت، ئەدی من بە رۆیشتن نەمدەناسییەوە! ئای! لەنجەولاری چۆن بوو، ئەوەی شەقامی پێڵاوفرۆشان نەبوو، حەیف! لە دەستمچوو لە رۆیشتنی رامێنم.. سوار بوو، رۆیشت و روویم نەدیتەوە، پچڕا..

ئێرە کوێی سەر زەوییە وا سەرگێژیی لێوە سەردەکات، لە بن درەختێک پشوویەکم دا، درەنگ پێکەوتم ئێرە کەرەجە، ئەو جێگەی لێی دانیشتم لە چاوی منەوە زۆر لە نەبی یونس دەچوو، بە دڵشکاوی گەڕامەوە بە سەر عەردی گەڕامەوە تاران، لە رێیێ لە بەرخۆمەوە دەمگوت:

ئەرێ من بە دوای چەند ژن کەوتم!

گەڕامەوە شەقامی پێڵاوان، چاوم گێڕا.